# شوێن لەڕۆمانی ( منداڵانی گەڕەك ) ی هیوا قادردا

**پڕۆژەی دەرچوونە**

**پێشکەش بە بەشی (زمانی کوردی) کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بکالۆریۆس لە (زمان و ئەدەبی کوردی) دا.**


ئامادەکراوە لەلایەن:

**محمد هۆشمەند مامند**

بەسەرپەرشتی

**د. نەسرین ڕۆوف**


**ئایاری ٢٠٢٤**

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە ..........

- دایك و باوکی خۆشەویستم کەیارمەتی دەرم بوون تا گەیشتم بەم قۆناغە .
- بەهەموو مامۆستایان و هاوڕێیانم لەبەشی زمان و ئەدەبی کوردیی کۆلێژی زمان .

سوپاس و پێزانین

- زۆر زۆر سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتم دەکەم مامۆستا (د. نەسرین ڕەوف ) کە بە سەرنج و تێبینییەکانی توێژینەوەکەمی دەوڵەمەندتر کردو.
- زۆر سوپاس بۆ هەموو کەسانەی کە بە وشەیەك یارمەتیدەرم بوون لە بۆ ئەنجامدانی ئەم باسە.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەشی یەکەم / پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم/ تەوەری یەکەم/ پێناسەی شوێن | ٢ |
| تەوەری دووەم / گرینگی شوێن لەڕۆماندا | ٣ |
| تەوەری سێیەم /مێژووی شوێن لەڕۆماندا | ٦ |
| سەهەڵدانی ڕۆمانی کوردی | ٩ |
| بەشی دووەم / جۆرەکانی شوێن | ١١ |
| ١-شوێنی واقعی | ١٢ |
| ٢- شوێنی خەیاڵی | ١٣ |
| ٣- شوێنی هۆگر | ١٥ |
| ٤/ شوێنی ناهۆگر: | ١٦ |
| ٥/ شوێنی کراوە : | ١٧ |
| ٦/ شوێنی داخراو: | ١٩ |
| ئەنجام | ٢١ |
| سەرچاوەکان | ٢٢ |

# پێشەکی

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە درکی بەشوێن و پەیوەندی بەبوونەوە کردووە ، هەروەها لەڕۆماندا شوێن ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت ، بەبێ بوونی شوێن هیچ ڕۆمانێك تام و چێژی نابێت ، چونکە ئەوەی وادەکات هەستی خوێنەر بەلای خۆیدا رابکێشێت شوێنەکانە .

ڕۆمانیش مێژوویەکی دێرینی هەیە لەناو ئەدەبیاتی هەموو میللەتاندا ڕەگ و ڕیشەی لەناو ژیانی مرۆڤەوە سەری هەڵداوە ، هەمیشە کۆمەڵ و ژیانی ئادەمیزاد بابەتی سەرەکی رۆمان بووە ، ڕۆمان نووسین بەلای منەوە کارێکی زۆر جوانە ، چونکە هەر لەسەرەتای چوونم بۆ زانکۆ ئارەزووی خوێندنەوەی ڕۆمانم دەکرد و هەروەها کار لەسەر ڕۆمان بکەم ، بەڵام دواتر سوپاس بۆ خوا ئەم دەرفەتە هاتە پێش کە بتوانم لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەم لەسەر ڕۆمان ، سنووری لێکۆڵینەوەکەمان ( شوێن ) ە لە ڕۆمانی ( مندالانی گەڕەك ) ی ( هیوا قادر ) . گیروگرفتی ئەم لێکۆڵینەویە وەکو هەر لێکۆڵینەوەیەکی دی کەمی سەرچاوەیە بەتایبەت لبارەی ڕۆمانەوە لە کتێبخانەی کوردی ، بەڵام توانیمان تا ڕادەیەك بەسەر ئەو گیروگرفتەش زاڵ بین و لێکۆڵینەوەکەمان بخەینە ڕوو .

لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە :

لەبەشی یەکەم : سێ تەوەرەیە تیایدا پێناسەی شوێنم کردووە لە ڕۆماندا

تەوەرەی دووەم : گرینگی شوێن لەڕۆماندا

تەوەری سێیەم : مێژووی شوێن لەڕۆماندا / سەرهەڵدانی رۆمانی کوردی

لەبەشی دووەم : لەم بەشەدا باسی جۆرەکانی شوێنم کردووە

پاشان بە پێنج خاڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە خراوەتە بەر دەست

لەکۆتایی لیستی سەرچاوەکان خراوەتە روو .

## بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم

## پێناسەی شوێن

بەشێوەیەکی گشتی شوێن لەئەدەب و (هونەر) دا بە توخمێکی چالاك دادەنرێت ، بەتایبەتی لە بنیاتی هونەری چیرۆکدا توخمێکی گرنگە ، چونکە شوێن ئەو چوارچێوەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات ، توخمەکانی تری چیرۆك دەگرێتە خۆی ، بۆیە چیرۆکنووس زەمینیەیەك ساز دەکات بۆ ئەوەی کارەکتەرەکانی لەخۆ بگریت و ڕوداوەکانی تێدا ڕووبدات . لەبەر ئەوەی ((شوێن شانۆیی ڕووداوە ، چیرۆکنووس ناتوانێ ڕووداوەکانی لەسەر زەمینەیەکی ڕاستەقینە یان فانتازی دا نەبێت ڕیز بکات )) (حمد أمین ، ٢٠١٢ ، ل٦٨ ) شوێن لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئەو گۆڕەپان و مەیدانەیە سەرجەم کێشەو ململانێکانی نێوان کارەکتەرەکانی تێدا بەرپا دەبێت ، بۆیە شوێن لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە وەکو بنیاتێك تێیاندا بەکاردەهێنرێت ، هەڵگری بەهای جوانییە ، چونکە ((ئەو قەوارەیە ماددییەیە کەبەشێکی گرنگ مێژوویی تایبەتی هەموو بەرهەمێکی چیرۆك پێکدەهێنێت و پانتایی چیرۆکی پێ دەڕازێنێتەوە و لە هەمان کاتیشدا ناسنامەی چیرۆکەکەی پێ دەست نیشان دەکرێت)) (سابیر ، ٢٠١٠ ، ل ٧٢ )، شوێن وەکو توخمێکی بنیاتی چیرۆك بەدیارترین توخم دادەنرێت لەناو چیرۆك و زۆرجار ڕۆڵی سەرەکی ڕووداوەکان لە خۆ دەگرێت ، بەشێوەیەك کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە ناتوانن دەستبەرداری توخمی شوێن بن . چونکە شوێن بزوێنەر و جوڵێنەری ڕووداوەکانی چیرۆکە ، تەنانەت زۆرجار سەرجەمی توخمەکان لەخۆ دەگرێت ، ( جۆرج ئەزوەت ) دەڵێ : ((شوێن یەکێکە لەگرنگترین لایەنەکانی بەرهەمی ئەدەبی ، چونکە ڕووداوو پاشخان و ئەنجامەکەی بەرجەستە دەکات)) . (حاجی ، ٢٠٠٩ ، ل ١٣٣ ) ((شوێن بەپێی جۆرەکانی ڕۆمان لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی تر دەگۆڕێت . لە ڕۆمانی تەقلیدیدا ، شوێن بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت و لاپەڕەیەکی زۆر لە بنیاتی ڕۆمانەکە داگیر دەکات ، بەپێچەوانەی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشی نوێوە ، کەنووسەر تەنها ئاماژەیەکی خێراو لەناکاو بەشوێنی ڕووداوەکان دەکات)). (جەلال سەعید ، ٢٠٠٩ ، ل ٩٠) شوێن توخمێکی گرنگی بنیاتی گێڕانەوەیە کاریگەری لەسەر زمان

هەیە  بەپێی گۆڕانی شوێنەکان ، زمان و زاراوەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت . سەرەڕای ئەو گرینگ و ئەرکانەی شوێن دەیبینێت لە ژیان و هەروەها لە بنیاتی دەقی گێڕانەوەی پەندەکاندا ، بەتایبەتی لەچیرۆکدا و سەرەڕای ئەو ئەرکانەی کە بەشێوەیەکی کورت ئاماژەمان پێکردن ، شوێن چەند ئەرکێکی سەرەکی دەبینێت  یەکەمیان : شوێن دەبێتە چوارچێوەی قەوارەیەك بۆ لەخۆگرتنی ڕووداو و کارەکتەرەکان و پێکهاتەو توخمەکانی تری چیرۆك ، ئەم ئەرکە ، ئەرکێکی هەرە سەرەکی بەرچاوی شوێنەو لە هەموو چیرۆکێکدا دەبینرێت ، چونکە ((هەندێ چیرۆکنوس ناوی شوێنەکانیش دێنن و چیرۆك دەگێڕنەوە ، هەندێك جاریش ناوی شوێنەکانیش ناهێنن  بەڵام لە زیهنی چیرۆکنووس شوێنێك هەیەو ڕووداو ، کێشمەکێشمەکان دەخاتە ڕوو ، یان شوێنێکی خەیاڵاوی لەزیهنی خۆی دروست دەکات)) (ساڵح ، ٢٠١١ ، ل ١٠٦-١٠٧ )

## تەوەری دووەم

## گرنگی شوێن لەڕۆماندا

هەر لەسەرەتای ژیانی ئادەمیزادەوە لەسەر ڕووی زەوی تاکو ئێستا پەیوەندییەکی پتەو نەپچڕاو مرۆڤی بەشوێن بەستۆتەوە و ڕۆڵێکی کاریگەری لەژیانیدا گێراوە ، چونکە مرۆڤی بەرایی بەهۆی ئەشکەوتەکانەوە توانیویەتی ژیانی خۆی بپارێزێت ، کاتێك ڕووبەڕووی مەترسییەکان بۆتەوە لەترسان پەنای بردۆتە بەر ئەشکەوتەکان و کردوویەتی بە پەناگەی و تێیدا نیشتەجێ بووە و ئاشنایەتی لەگەڵیدا پەیدا کردووە ، نهێنی  ڕازو نیازو بیروڕاکانی و تەنگ  چەڵەمەو گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەو هەڵوێستی بەرامبەریان جۆرە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا دیاری کردووە لەسەر دیوارەکانی تۆمارکردووە . لەمەوە دەبینین شوێن کاریگەری کردۆتە سەر مرۆڤی بەرایی ، بەڵام ئەم کارتێکردنە وە نەبێت کارتێکردنێکی  یەك لایی بێت و تەنها لەلایەن شوێنەوە بێت لەسەر مرۆڤ ، بەڵکو مرۆڤیش لە قۆناغە مێژوویە جۆربەجۆرەکانی پەرەسەندنی ژیانی کاری کردۆتە سەر گۆڕان و پەرەسەندنی شوێن ، لەبەر ئەوەی دەتوانین بڵێین ئەو کارلێککردن و کارتێکردن مرۆڤ بەشوێنەوە دەبەستێتەوە ، بیری

شوێن هەر لەسەرەتاوە سەرنجی فەیلەسووف و زانایانی بەلای خۆیەوە ڕاکێشاوە بۆتە مایەی لێکدانەوەیان . ئەوەیە ئەفلاتون باسی شوێن دەکات و دەڵێت : ((شوێن گرتن خۆو تێدا بوونە ، کەبوونێکی راستەقینەی هەیەو لەسێ دووری پێك دێت)) (سابیر ، ٢٠٠١ ، ل ٣٢٣ ) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو شتێك قەبارەی دیارکراوی خۆی هەیە کە خۆی لەپانی بەرزی و درێژیدا دادەنوێنێت و شوێنێك دەگرێت ، هەروەها ئەرستۆش هەر لەسەر بناغەی بیری گرتنە خۆ باسی شوێن دەکات و دەڵێت : ((ڕووی ناوەوەی تەنی داگیراوەو دوو جۆرە : بەتایبەت کاتێك تەنێك شوێنێك دەگرێت و هاوبەش کە دوو تەن یا زیاتری تێدا دەبێت بەپێی فەلسەفەی مەترِیالّی شوێن)) . (سابیر ، ٢٠٠١ ، ل٦٣) شوێن بوونی کەرەستەیە کە جێی بوون قەبارەو دوورییەکانی تەن دیاری دەکات . ئەمانە هەموو ئەوە دەردەخەن کە یەکێك لەو بنەڕەتیانەی دەبێت لەشوێندا بەدی بکرێت ئەوەیە کە دەبێت بیری گرتنە خۆی تێدا بوونی تێدا بەدی بکرێت ، ((ئەو بەدی کردنەش لەکەرەستەدا بەرجەستە دەکرێت ، چونکە کەرەستە بەهەموو شێوەو قەبارە جیاجیاکان و جۆر بە جۆرەکانییەوە شوێنێك دەگرێت و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ لە شوێن جیابکرێتەوە ، بۆیە بوونی بیری شوێن بەشێیەك لەشێوەکانی بوونی کەرەستە دادەنرێت)) (حمدامین، ٢٠١١ ، ل٢١). شوێن ڕەگەزێکی گرینگی دەقی ڕۆمان پێکدێنێ ، ئەو توخمەیە کەهیچ شتێکی بێ ئەو ڕوونادات ، پشتگوێ خستنی شێن و فەرامۆشکردنی لە ڕۆماندا ، کەم کوڕی لەدەقەکەدا دروست دەکات و کەلێن دەخاتە نێو بنیاتی هونەری ڕۆمانەوە هاکات ڕۆمان گەر لەئامێزگرتنی شوێن دوورکەوتەوە لایەنی ریالیزمییەکەی لەدەست دەدات هەر کارێکی هونەری شوێن فەرامۆش بکات تایبەتمەندێتی و ڕەسەنایەتی خۆی لەدەست دەدات .

قەوارە جوگرافیای زیندووی شوێنیش پەیوەستە بەتێڕوانینی قووڵ بۆ شوێن و تێ ژیان چونکە گەر شوێن ژیانی تێدا نەبێت ، یان شوێنی نیشتەجێ بوون نەبێت ، یان بەتێروانینێکی ڕووکەش تێی ڕوانرابێت ، قەوارەو جوگرافیای زیندووی خۆی لەدەست دەدات .

شوێن بکەرێکی هاوبەشی هەموو جۆرەکانی ئەدەبە ، توخمێکی گەوهەرییە لەچیرۆك و شانۆو ڕۆماندا ، لەنێو شانۆگەری شیعریشدا ڕۆڵێکی گەوهەری هەیە، چونکە دەبێت شوێن و کاتی

دەست نیشان بکرێت، ((ڕۆڵی شوێن دەچێتە نێو توخمەکانی شانۆگەرییەوە لەگەڵ توخمی شیعریدا یەك دەگرن ، هەرەکو ئەڕستۆ یەکەکانی شانۆگەری بەم شێوەیە دەست نیشان کردووە : ( کات ، شوێن ، بابەت ، توخمەکانی شیعر ) کەواتا شوێن بکەرێکی هاوبەشی نێو هەموو کارەکانی گێڕانەوەیە ، بایەخدان بەشوێن و مەودای جوگرافی و هێمایی و بەرجەستە کردنی لە هەموو هونەرەکاندا ، هەر یەکەیان بەپێی بوار پانتایی خۆی بەدی دەکرێت.)) (حمدامین ، ٢٠١١ ، ل٢٢).

شوێن لەڕۆماندا لەو ڕووەوە سەیر ناکرێت کە تەنها ژانری کارەکتەر و ڕووداوە ، واتە کارەکتەری تیا بجولێتەوە و ڕووداو تیایدا ڕووبدات ، ئەمە تەنها ڕێسایەکی تەقلیدی ڕووتە ، تەنها ئاماژە بەناوبردنی شوێنە ، بەڵام بێ گیانە ، بێ ئاوازە ، بێ هونەرە ، بەپێچەوانەی ئە بەرجەستەکردنەی شوێن کەخاوەنی چەند ڕەهەندێکەو ڕێگەیەکی نوێکەرەوەیەو زۆری لێ بەدەست دێت ، دەرگایەك بەڕوودا دەکاتەوە ، بۆ نموونە ژوورێکە ئەوەی تێدا ڕوو دەدات ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی سەر گۆی زەوییە ، ئەم شوێنە بێ بەهانەیە ، شوێنێکی بێ گیان و بێ ئاواز و بێ هونەرییە ، تایبەتمەندی کاری هونەری تێدا بەدی دەکرێت چونکە شوێن نابێتە شوێنی ڕۆمان گەر تایبەتمەندی هونەری تێدا بەدی نەکرێت.

شوێن لەڕۆماندا هەڵبژاردنە ، هەڵبژاردنیش زمانە ، مانایە ، هزرە ، مەبەستە ، هەموو شوێنێك شوێنی کاتییە بینایەکی دەرەکی بینراو نییە ، تەنها دیاریکردنی مەوداکانی درێژی و بەرزی و پانی نییە ، سروشت و هەڵەت و جوگرافیا نییە ، بەڵکو توخمێکی چالاکی بینای هونەرییە ، لەڕێی پڕاکتیکی وشیارانەی هونەرمەندەوە نوێ دەبێتەوە ((قەوارەیەکە لەکاری بگۆڕ ، مێژوویەکی لەخۆ گرتووە ، مەوداکانی بەپێی مێژوی پرشنگدارو تاریك مەزراوە)) (شوان، ٢٠١٨، ل ١٥٦) مەودای هونەری و مانای قوڵی شوێن و جوانی شوێنمان بۆ دەردەخات ، ((شوێن بەهای جوانی و فیکری هەیە ، بەڵام گەر بەرهەمی مرۆڤی وشیار نەبێت بەهای هونەری و فیکری نابێت)) (سابیر ، ٢٠١١ ، ل ٤٦–٤٧) پێویستە شوێنی ڕۆمان ڕۆڵی کاریگەرو بەرچاوی هەبێت لەبینای کارەکەدا ، تەواوکەرو یاریدەدەری توخمەکانی تری دەقەکە بێت و ڕۆڵی هەبێت لە وروژاندن و باری دەروونی خوێنەر ، هەستی پێ بکرێت ، ((چونکە لەڕاستیدا شوێن

هەستێکی قووڵ ڕەسەنە لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا . بەتایبەتی ئەگەر شوێن نیشتمانی و هۆگرو هاتنە پاڵ ( ئینتیما ) بێت ، کە دۆخی پەیوەندی سەرەتایی بەمنداڵدانی زەوی دەنوێنێ ، ئەو هەستە لەباری ونبوون و لەدەستدانی شوێندا پتر دەبێت ، ئەگەر چی هەستکردن بەشوێن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت چونکە هەستکردن بەشوێن لەئاکامی واقیعی بابەتی لەسەر خەیاڵی هونەرمەندەوە هاتووە ، بۆیە دەبینین ئەم هەستە هەندێك جار واقیعی ڕووکەشە هەندێك لەسەر جار قووڵە)) . (شوان ، ٢٠١٨ ، ل١٥٤ )

## تەوەری سێیەم

## مێژووی شوێن لەڕۆماندا

بایەخدان بەشوێن لەڕۆماندا مێژوویەکی دێرینی هەیە ، زۆر لەمێژە ڕۆماننووسان بایەخیان داوە بەشوێن و بەرجەستە کردنی و وەسفی سروشت و هەڵەت و پێکهێنەرەکانی و کەلوپەلەکانی ناوی ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەپێی سەردەم قۆناغ و جۆری ڕۆمان گۆڕانکاری بەسەر بایەخدان بەشوێن و شێوازی بەرجەستە کردنیدا هاتووە .

لەنێو ئەدەبی ئینگلیزیدا لەسەر دەستی ( دانیال دیڤۆ ، سەمۆیل ریتشارد سون ، هنری فیلدنج ) ی پێشەوایانی دەرکەوتن و گەشەی ڕۆمانی ئینگلیزی ، تیشکیان دەخستە سەر شوێن و وەسفی سروشتیان دەکرد ، دیڤۆ یەکەم کەس بوە کە ژینگەی شوێنی کارەکتەرەکانی ڕوون دەکردەوە ، لەڕێگەی ئەنجامدانی جۆرێك لە پەیوەندی ئۆرگانی لەنێوان کارەکتەرەکانی ئەو ژینگەیەی تێدا دەجوڵانەوە (سۆنیش) هەنگاوێك ئەم مۆرکەی بەرەوپێش برد ، لای (فیلدنج) وەسفی ژینگەی شوێن بوو گەیشتە ڕادەیەکی زۆر ، مەبەست لەم دیاردەیە لای ناوبراوان بەخشینی وێنەیەکی واقیعی کارەکەیان بوو ، زمانی نووسینی دەقەکانیشیان تیایدا وەسفی شوێن و پێشکەش کردنی شوێن ، زمانێکی سادەو ساکاری پەخشان بوو ، دور لە درێژدادڕی و ڕازاندنەوەو گەمەکردن بە وشەو دەرخستنی توانستی زمانی ، چونکە زمان لایان فاکتەری گەیاندن بوو نەك ئامانجێك بێت لەخۆیدا . ((لەسەدەی نۆزدەدا کە سەدەی چیرۆکە ، سەدەی هەوڵدان بوو بۆ تەواوکردنی قالبی تەواوی هونەری ڕۆمان ، یەکێك لەشەقڵە دیارەکانی ڕۆمانی ئەم سەردەمە بایەخدان بوو بەشوێن ، ڕۆماننووسی ئەم سەردەمە ئەو

جیهانە هەستییەیان زۆر بەوردی بەدیقەت بەرجەستە دەکرد کە کارەکتەرەکانی و ڕووداوەکانی لەخۆ گرتبوو)).(شوان ، ٢٠١٨ ، ل ١٥٧ ) کۆمەڵگە بەگشتی بەرەو کوێ بڕواو چۆن بگۆڕێ و ڕۆمانیش بەهەمان ئاڕاستە دەگۆڕێت ،((بەڵام گۆڕانی ڕۆمان وەکو گۆڕانی کۆمەڵگە هەموو شتێکی چاك و خراپ لەخۆ ناگرێ ، بە واتایەی ڕۆمان وەکو ژیان ڕێگەی چاك و خراپمان پێ نیشان نادات ، بەڵکو ڕێگا خراپەکانمان پێ دەناسێنێ و خراپییەکانی هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایەمان پێ دەڵێت ، لەهەمان کاتیشدا هەوڵی ئەوەمان لەگەڵ دەدات ئێمە هەمیشە ڕێگا چاکەکە هەڵبژێرین ، یا هەموو کات لەپاڵ جیهانە خراپەکە کەلەژیاندا هەیە جیهانێکی دیکەی چاکترمان بۆ دروست دەکات و ئەوەشمان پێ دەڵێت کە ئێمە جیهانە خراپەکەی تیایدا دەژین دەبێ بەرەو ئەو جیهانەی بەرین کە خراپییەکان تیایدا کەم دەبنەوە بەو واتایای ڕۆمان هێندەی لەخراپییەکان دەدوێ لەچاکییەکان نادوێ ، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین دوان لەخراپی و چارەسەرکردنی خراپییەکانی کۆمەڵگە لە ئەنجامدا بەچاکی دەکەوێتەوە ، بۆیە دەکرێت بڵێین ڕۆمان بەرهەمێکە تەنیا لە چاکییەکان دەدوێ ، ئەمەش ڕوونتر ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕۆمان بەرهەمی دژەکانە)). ( حاجی ، ٢٠٠٩ ، ل ٤٣-٤٤ )

(( بەلزاك ) یەکەم کەس بوو کە خوێنەری دەخستە نێو ئەو پێکهاتەو پێشینەکانی تایبەتی بۆ شوێن و کارەکتەرەکانی پێشکەش بەخوێنەر دەکرد ، واقیعییەکانیش کەڕێگەی بەلزاکیان گرتبوو ، چەندلاپەڕەیەکی لەسەرەتای ڕۆمانەکەیان بۆ وەسفی شوێن تەرخان دەکرد . ئەم دیاردەیە بەپێچەوانەی ڕۆمانی کلاسیکەوە کە بەشێوەیەکی لاوەکی باسی شوێنیان دەکرد بەشێوەیەکی گشتی باسی شوێنیان دەرکرد . بەلزاك وەسفی شوێنی بەجۆرێك دەکرد لەسروشتەوە دەستی پێ دەکرد ئینجا بەرەو جادەو ماڵ و تەلارەکانی سەرشەقام و نهۆمی تەلارەکان و تەنانەت خەڵك و دانیشتوانی ماڵەکان و کرێکارەکان و ژوور و ژینگەیان ، بۆیە بەلزاك بەداهێتەری ئەم تەکنیکە ناوبانگی دەرکرد ، بێگومان ڕێکخستنی شوێنەکان و دیکۆراتی ناوەوەی و بەداهێنەری شێوەی جل و بەرگ و ڕەمزە کۆمەڵایەتییەکان ، بەو وردەکارییە جوانە هەموویان بۆ باوەڕهێنانی خوێنەر بوو بە بوونی بابەت – لەدەرەوەی ئەدەب – بۆ ئەو جیهانەی کە ڕۆماننووس وێنەی دەگرێ و کۆپی دەکات بەتەواوی تۆماری دەکات ، هەر وەکو چۆن لەبەرامبەر چیرۆکێکی مێژوویی یان بەڵگەیی یان بەسەرهاتدا بین ،

ئەو جیهانە خەیاڵییەی دەق کە هاوشێوەی جیهانی واقیعە)). (شوان ، ٢٠١٨ . ل١٥٨) وەسف لەڕۆمانی واقیعیدا ئەرکێکی بەرچاو گرنگی هەیە ، لەسەر دەستی هونەرمەندانی کارامەی وەك ( بەلزاك و فلۆبیر ) گەیشتە لوتکە ، زۆر بەدیقەت و بەوردی دوور و درێژی وەسفی ئامانجی بینینی خوێنەر بوو ، وەسفیش لەو کاتەدا ئامانجی دیکۆر و دەستنیشان کردنی چوارچێوە و وێنەگرتنی شێوەی فیزیکی پاڵەوان و کارەکتەرە سەرەکییەکان بوو ، قورسایی شتە دانراوەکانیش بەو شێوە وردە جیهانێکی سەربەخۆیی دروست دەکرد ئەو جیهانەی دووپاتی هاوشێوەی لەگەڵ جیهانی واقیعیدا دەکرد ، لەڕاستی ڕووداو و وشەکان و ئەو جوڵانەوەیەی کە نووسەر ئەو چوارچێوەیەی پیٚ پڕ کردەوە .

((ڕۆماننووسی ئەم سەدەیە بەگشتی و بەتایبەتی بەلزاك زۆر جار زانیاری ورد و گرنگ و بەکەڵکیان دەربارەی شوێنی سەرەکی کە ڕووداوی ڕۆمانەکەی تێدا ڕوودەدات ، پێشکەش خوێنەر دەکرد ، چەند شاکەسیش شوێن گۆڕکێی بکردایە زانیاری شوێنیان دەربارەی شوێنە نوێکە دەخستە ڕوو ، ئەمە جگە لە دەستپێك – افتیتامی – ی ڕۆمانەکانیان ، کە بەوەسفی کارەکتەر و شوێنی دەستی پێدەکرد)). (شوان ، ٢٠١٨ ، ل ١٥٩)

((لە ڕۆمانی تەقلیدیدا هەمیشە نووسەر هەول دەدات جیهانێکی چەسپاو کە گۆڕانکاری قبولٚ ناکات پێشکشە بەخوێنەر بکات ، هەموو ئەو شتانەی پێشکەش دەکات هۆیەکن بۆ هۆکارەکان ، پەیوەندییەکی لۆجیکی توند دەیان بەستێت بەیەکەوە ، وەك ئەوەی ڕۆماننووس لە کلاوڕۆشنەیەکی تەسکەوە بڕوانێتە جیهان ، ئەوەی دەبینرێت لە ڕووداو و بینراوەکان پێشکەش دەکات ، ئەمەش وای لێدەکان شێوازی وەسف و گێڕانەوە و هەواڵ بەکاری بهێنێت ، سەرجەم ئە ڕاستییە خودییانەی کە هەیە لەپشتی جیهانی بینراوەکانەوە کە دەتوانێت لە ڕێگەی تێڕوانینی ناوەوە بیگاتیٚ پشتگوێی بخات)). (شوان ، ٢٠١٨ ، ل١٥٩)

((لەئاکامی جەنگی دووەمی جیهانیدا جۆرێك لەڕۆمان دەرکەوت کەلە سروشتیدا جیاواز بوو لەڕۆمانی کات ، ئەویش ( ڕۆمانی شوێن ) ە ، ئەو ڕۆمانەیە کە شوێن جێگەی کاتی گرتەوە ، لەژێر کاریگەری ئەو بانگەشەیەدا کە ( بوونی شتەکان لەشوێندا زیاتر ئاشکراترو چەسپاو ترە ، لە بوونیان لەکاتدا ) ئەم جۆرە ڕۆمانە لەدایکبوو لە ئاکامی ئەمەشدا بزوتنەوەی درامی

لەسەرچاوە تەقلیدییەکەوە گۆڕا لەبری کارتێکردنی شاکەس لە شتەکان ، گۆڕا لەکارتێکردنی شتەکان لەشاکەس ، ئینجا بایەخی ڕۆماننووس لە خودەوە گۆڕا بۆ بابەت ، پەیوەندی نێوان خود بابەت بوو بەپەیوەندی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەو داهێنان ، بەم شێوەیە ڕۆمانی شوێن وەك داهێنانی جیهان و مرۆڤ بوو ، داهێنانی هەمیشەیی و بەردەوامیش بوو . سروشتی ڕۆمانی شوێن هەستکردنە بەشتەکان بەهۆش ڕەت دەکاتەوە ، جیهانێکی تاکی نامۆو سەیر پێشکەش دەکات ، کە زۆر دوورە لە مەنتیق و واقیع ، جیهانێك کە پێکهاتەیەکی ڕەمزی هەیە)). (شوان، ٢٠١٨ ، ل ١٦٠)

((لەڕۆمانی نوێشدا نووسەران دەبنە دوو بەش ( میشێل بۆتۆر ) شێوازی بەلزاکی لە وەسفی شوێن و شتەکانی ناویدا پێ باشبوو ، لە بەرهەمەکانیدا پڕاکتیزەی دەکرد ، لەم بارەیەوە خۆی دەڵێت : ( کاتێك لەبارەی کورسییەکەوە دەدوێین دەبێت ئەو بزانین کەوا دەربارەی کورسی دەدوێین )واتە بەشێوەیەکی درێژدادڕی و خوێنەر بێزارکەر وەسفی کورسییەکەی دەکرد ، بەڵام ( ناتالی و ساروت ) جێ پێی ( تۆڵستۆی ستندال ) هەڵگرتبوو ، کە وەسفی چڕو کرت بوو بۆ شوێنەکان و دوور لە درێژدادڕی ، ( ستندال ) هێڵە پانەکانی ئیلهام بەخشەکانی پێ باشبوو ، پێی وابو کە وەسفی دوورو درێژ خەیاڵی خوێنەر سنوردار دەکات و دەیکوژێت)). (شوان ، ٢٠١٨ ، ل ١٦١ )

## سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی

وەك ئەوەی کۆمەڵێك هۆکار بوونە هۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ڕۆمان لە ئەدەبیاتی میللەتانی دونیادا ، ئەوا کۆمەڵێك بوونە هۆی ئەوەی ڕۆمان لەئەدەبیاتی کوردی سەرهەڵبدات کە ڕەنگە لەزۆر شوێندا هۆکارەکان وەکو یەك بن لەگەڵ بوونی هەندێ جیاوازیدا ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ڕۆمان لە واقیعی هەر کۆمەڵگەیەك و ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە ، ئەو هۆکارانەش خۆیان لە ( هۆکاری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و سەرهەڵدانی ڕێکخراو و بزوتنەوەی فیکری و بزوتنەوەی نەتەوایەتی دەدۆزنەوە ) . هەروەها پەیدابونی ڕۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی و پەیدابونی چیرۆکی هونەری بوونی فۆلکلۆری نەبڕاوەی کوردی . کەواتە سەرهەڵدانی ڕۆمان لەناو کورددا پەیوەستە بەنوێ بوونەوەی یان هەوڵدان بۆ هێنانە

کایەی گۆڕان و نوێکاری لە هەموو لایەنەکانی ژیان دا . ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنیٚ کە ڕۆمانی کوردی هیچ کاریگەری فۆلکلۆری لەسەر نییە ((هونەری ڕۆماننووسین بەر لەوەی سەرهەڵدانی چیرۆکەوە لەدایك ببێت و گەشەی کردبێت ، هەوێنی سەرەکی لەداستان و سەرگوزەشتەو حیکایەتی میللی و فۆلکلۆرییەکاندا دەسگیرکردبوو)) . ( حاجی ، ٢٠٠٩ ، ل ٥٢ )

یەکەمین ڕۆمانی کوردی لەکوردستانی باشوور ڕۆمانی ( ژانی گەل ) ی ( ئیبراهیم ئەحمەد ) ە ، کەلە ســـــــاڵی ( ١٩٦٩ )بۆ یەکەمجار لەلاپەڕەکانی گۆڤاری ( ڕزگاری ) کەلە سلێمانی دەرئەچوو چەند بەشێکی لیٚ بڵاوکراوەتەوە .

کەواتا ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی کاریگەری هەبووە لەسەر سەهەڵدانی ڕۆمان لەناو کورددا ، دەورێکی باشی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی کەبەپەخشان دەنووسران ، (حاجی، ٢٠٠٩ ، ل ٥٢ )

# بەشی دووەم

## جۆرەکانی شوێن

شوێن رەگەزێکی هەرە گرینگ و تایبەتە لەدەقی رۆماندا، هەرلەکۆنەوە سەرەنجی نووسەروو فەیلەسوفەکانی راکێشاوە و هەوڵیان داوە بەپێی تێروانینی خۆیان لەچەمکی شوێن بکۆڵنەوە. بێگومان شوێن تاکو نەبێتە پێگەیەك و بە شێوەیەکی هونەری مامەڵە لەگەڵ شوێنە هەڵبژاردراوەکە دا نەکرێت، بەهاو هونەری وئیستاتیکیەکەی بە دەست ناهێنێت چونکە شوێن سنورێك دەگرێتەخۆی و مەودای ئەم سنورەمان بۆدیاری دەکات.

شوێن لەکاتی گێرانەوەی رۆماندا، تەنیا ئەوەنیە، کەرووداوەکانی تێدا روودەدات ، بەڵکو کار لەدەرون و هەڵسوکەوتی کەسایەتیەکانی ناو دەقی رۆمانەکە دەکات

(تەنیا ئەسعەد مەحەمەد) شوێنی دابەش کردووە بۆ:

١- لەڕوانگەی هەبوونی شوێنەوە ( ( شوێنی واقعی ، شوێنی خەیاڵی)

٢- لەروانگەی چەمکی هۆگریەوە (شوێنی هۆگر، شوێنی ناهۆگر)

٣- لەروانگەی بەکار هێنانی شوێنەوە( شوێنی داخراو ، شوێنی کراوە) (حمدامین، ٢٠١٢، ٧٠)

## ١-شوێنی واقعی

((شوێنی واقعی : ئەوشوێنەیە، وێنەی لەسەر ڕووی زەوی راستەقینەدا هەیە و بەهۆی هەستی بینینەوە بەرچاو دەکەوێت و جوگرافیاکەی دیاری دەکرێ، کەبەهۆی گەران و بەدواداچوون لە شوێنەوارە مێژووییەکاندا دەدۆزرێتەوە ، هەروەها شوێنی واقعی هەندێك جار بەشوێنی سروشتی یاخود راستە قینە ناودەبردرێت. سەرچاوەکانی شوێنی واقعی لەدەقدا شوێنی راستەقینەی ژیانەو ئەو زەویەیە ئێمە لەسەری دەژین و هەستی پێدەکەین و دەتوانین دوریەکانی دیاری بکەین. شوێن لەچیرۆکدا شوێنێکی بەوشە دروست کراوە، بۆیەناکرێ بگوترێ شوێنێکی راستەقینەی سەر زەوییە، چونکە شوێنی چیرۆك هەرچەندە  هاوشێوەی هەبێت لەژیاندا، ئەو راستەقینە نیە ، بەڵکو تێکەڵ بەئەندێشەو خەیاڵ دەکرێ ولەوشە دروست دەکرێت و دادەرێژرێت ، کەواتە ژچیرۆك نووس چەند  لێهاتوو شارەزابێت و هەڵبدات وێنەی شوێنی راستەقینە لەواقیع وەربگرێت و توانای بەسەر کارەکەی دا بکشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ناتوانین ئەم هێڵە نهێنی یە هەست پێکراو و بەرجەستە نەکراوە لاببات کەلەکارە هونەریەکەدا دروست دەبێت و لەواقیعی ژیانی رۆژانەی مرۆڤی جیادەکاتەوە)). (حمدامین، ٢٠١٢، ٧٣)

رۆمانی ( مندالآنی گەرەك) باس لەچیرۆکیكً دەکات کەلەواقیع دا بوونی هەبووە. ئاماژە بەشوێنێك دەکات کەوجودی هەیە. کەتیایدا باس لەچیرۆکێك دەکات کە لە سەفەردان گێرەرەوە دەڵێت ((سیسیلیا ئەو وێنەیەی لەدایکی سەندبوو. وێنەکە لەیەکێك لەسەفەرەکانیان بۆناو باخچەی ئاژەڵان لەتەنزانیا، نزیك بەشاخی کیمانجارۆ گیرابوو)) (هیوا قادر ، مندالآنی گەرەك، ل ٩)

وادەردەکەوێت کە باوك ودایکی سیسیلیا لەچ وێنەیەکد لەسەفەردان لەباخچەی ئاژەڵان لەتەنزانیا لەشاخی کلیمانجارۆ کەشوێنێکی واقعییەو  لەواقعیدا بوونی هەیە ((لەدوای ئەوە بەهەفتەیەك بۆپشودان چون بۆ گووا لەهندستان ، کەشو هەوای گووا گەرموو خۆرە تاو بوو )) (هیوا قادر ، مندالآنی گەرەك، ل ٢٠)

پاش ئەوەی سیسیلیا بریار دەدات واز لەکاری پزیشکی بێنێت. بۆهەفتەیەك پشودان دەچێتە گووا کەشوێنێکی واقعیەو لەواقیعدا بوونی هەیە لەولاتی هیندستانەو لەکیشوەری ئاسیا.

((گۆستاف تۆواهەست بکە کەمن هۆتوویەکم نەك کورد و لەولاتی بورندییەوە رامکردووە بۆ تەنزانیا، نەك لەکوردستانەوە بۆسوید )) (هیوا قادر ، مندالانی گەرەك، ل ٢٦)

دوای ئەوەی گول موحەمەد چەند جارێك نامەی بۆ گوستاف دەنێرێت لەنامەی دواییدا شوێنێکی واقعی بەبیری گۆستاف دەهێنێتەوە کە ولاتی بۆرنیدیەدا .گۆستاف لەم ولاتەدا یارمەتی هەتیوەکانی داوە هەروەها گولْ موحەمەد بۆیە ئەم کارەی بەبیری گۆستاف هێناوەتەوە چونکە ویستویەتی یارمەتی ئەویش بدات ، بۆنووسینەوەی ژیان نامەی وی .

## ٢- شوێنی خەیاڵی

شوێنی خەیاڵی ئەوشوێنانە کەبوونی راستە قینەیان لەسەر زەویدا نیە ، ناتوانرێت ببینرێن و بوونیان بسەلمێنرێت ، یان دەست لەسەر بوونی راستە قینەیان دابنرێت . ((وێنەیەکی زەینیە و لەسەر چاوەکەی خەیاڵە . کات وشوێنی واقعی نییە . ئەو شوێنەیەکە بەمێشك دەرکی پێدەکات ، بەلام لەناوی دا ناژین ، دەزانین لەکات و شوێنێکدا هەبووە ، بەلام کات وشوێنی ئێمە نییە رۆماننوس بەهۆی خەیالەوە دەهێنێتە پێش چاوی و وێنەی دەکێشێت.ئەمەخاڵی جیاکەرەوەی نێوان داهێنانی شوێنی خەیاڵی وێنە کێشانی شوێنی واقعیە . لەوێنەکێشانی شوێنی واقعیدا رۆماننوس متمانە دەکاتە سەر هەستی بینین . چۆن شوێنەکە دەبینێت ، ئاوا وێنەکە دەکێشێت–لەگەڵ هەندێ گۆرانکاریدا ، بەلام لەوێنەکێشانی شوێنی خەیاڵی ، یان فانتازیدا متمانە دەکاتە سەر خەیاڵ ، چۆن وێنەی شوێنەکە لەزەین و خەیاڵیدا بەردەستە بووە ،بەو شێوەیە وێنەی دەکێشێ)). (صالح ،٢٠١١،ل٩١)

((دوای چەند هەناسەدانێکی قوڵو خواردنەوەی پێکێکی شەراب و چونە بەرپەنجەرەی هۆڵەکە ، هێمن بوو مەوە. سەیری ئەم قاز و قوڵینگانەم کرد بەسەر ئاوی شار گۆردندا ئەورین )) (هیوا قادر ، منداڵانی گەرەك، ل ٤١)

ئەم هۆڵە شوێنێکی خەیاڵیەو هاوشێوەی لەواقیع دا هەیە ، کەواتە رۆماننوس بۆداشتنی ئەم شوێنە پشتی بە سەرچاوەی واقیع بەستووە. چونکە دەکرێت لەهۆڵێکدا دابنیشیت وبەتەنها بیت وبیر لەکارەکانی رۆژانەی خۆت بکەیتەوە. ((دوای تەواو بوون و رۆشتنی گوڵ موحەمەد لەدانیشتنی ئەو رۆژەمان من بیرم لەوە ئەکردەوە هاتنی گوڵ بۆ ئەو ئاهەنگە بچووکەی کە بۆ یەکەم جار بوو دەزگای بلاو کردنەوە کەم "ئەستێرەی شین" بۆی ساز ئەکردم ، بۆ من هەڵێکی باش بوو تاهەندێك لەوپرسیارانەی کەهەم بوون سەبارەت بەژیانی خۆی سیسلیا لێی بکەم )) (هیوا قادر ، منداڵانی گەرەك، ل ٨٥)

هەرچەندە شوێنەکە شوێنێکی خەیاڵە و بەلاَم رۆماننوس پشتی بەشوێنێك بەستووە کەلەواقیع دا بوونی هەیە . ئەویش ئاهەنگ گێرانە

((هەنار ئەنەسەرخواری بردۆتە هەمان ئەو ژوورەی ساڵانێکی زۆر لەوە و بەر سەمەدە شەل ئاکۆی برای تیایدا لەقکردوە ، کەچونەتە ژوورەوە دەرگاکەش داخستووە و وتوویەتی باکۆترەکان نەفرن )) (هیوا قادر ، منداڵانی گەرەك، ل ٢٠٧)

هەرچەندە ئەم شوێنە خەیاڵیە بەلاَم لەواقیعدا بوونی هەیە . رۆماننوس سودی لەسەر چاوەکانی واقیعدا وەرگرتەوە بۆدارشتی ئەم جۆرە شوێنە . چونکە دەکرێت لەواقیعدا ژوورێك هەبێت تاکەکەسێك بەکاری بهێنێت .

## ٣/ شوێنی هۆگر:

((شوێنی هۆگر لەچیرۆکدا ئەو شوێنەیە دەبێتە مایەی ئارامی وئاسوودەیی بۆکارەکتەر)). (حمدامین، ٢٠١٢، ٨٥) شوێنی هۆگر مەبەست لەوشوێنەیە کەمرۆڤ تێیدا ژیاوە و پێی هۆگرو ئاشنابووە، تیایدا هەستی بەسۆز و گەرمو گوری وئارامی ودڵنیایی کردووە. هەستەکانی وپێویستیەکانی لەم شوێنەدا تێربوەو هۆگری خۆشیو ناخۆشی و کەم وکوریەکانی ئەوژینگەیە بووە.رایەڵەی یادگاریەکانی پێوەبەستراوە.

رۆڵی گرینگی شوێنی هۆگر و کاریگەری لەسەر مرۆڤ، وای لەچیرۆك نووس ورۆماننوسکردووە بایەخ بدەنە شوێنی هۆگری کارەکتەرەکانیان، بەتایبەتی کارەکتەرە سەرەکیەکان و لەدەقەکانیاندا بەرجەستەی بکەن ،دیارە ئەم بایەخ دانەشیان هێماو دەلالەت وئامانجی خۆی هەیە، ئەمە جگەلەوەی لەرێی شوێنی هۆگریەوە رۆماننوس گۆشەنیگای خۆی دەربارەی جیهان ژیان دەردەخات. (صالح ،٢٠١١،ل٩١)

(( هەموو ئەو میوانانەی بۆماڵی ئێمە، پێش هەرشتێ دەستی پوورەکانمیان ماچ ئەکرد، کەئەوان ئەشهاتنە ناو کۆبوونەو خێزانییەکان وناو ئەو میوانانەی هەمیشە ماڵی ئێمەیان هێندەیتر بەوهەوالأنەی لەگەڵ خۆیان ئەیانهێنا قەرەباڵغ ترئەکرد )) (هیوا قادر ، مندالأنی گەرەك، ل ٦٧)

ماڵ کەشوێنێکی هۆگرەو هەمیشە کەسەکان لەماڵی خۆیان هەست بەئاسوودەیی دەکەن، هەروەها لەماڵدا رێزی کەسە گەورەکان دەگیرێت وهەموو کات ماڵ بەوانە وە جوانە.

(( ماڵی ئێمە تاقەماڵی هەموو کۆلأنە پر لە مندالأنەی گەرەکی چوار خوشکەکەبوو ، کەباڵدارەکانی تێدا راو نەئەکران )) (هیوا قادر ، مندالأنی گەرەك، ل ٦٧)

ماڵ کەشوێنێکی هۆگرەو دڵ گیرە مرۆڤ هەست بەئاسوودەیی دەکات. هەروەکو گێرەرەوە دەڵێت ((خەڵکی بەماڵی ئێمەیان دەوت بەهەشتی باڵداران )) (هیوا قادر ، منداڵانی گەرەك، ل ٦٧)

چونکە ئێمە بەمنداڵی نەماندەتوانی وەکو منداڵانی تر دارلاستیك و شتی وابەکاربهێنین. بۆیە ماڵی ئێمە شوێنێکی زۆر هۆگربوو بۆ باڵداران.

((مانەوەی من لەو ژورەی گوڵ رەحیمدا زۆر شتی تیبا گۆریم)) (هیوا قادر ، منداڵانی گەرەك، ل ٢٦٧)

کارەکتەری سەرەکی ئەم رۆمانە ناوی( گوڵ موحەمەدە) دوای ئەوەی کەلەشەرکاندا بریندار دەبێت ناچار دەبێت بچێتەوە بۆلادێیەکی خۆیان و بۆ ئەوەی برینەکەی چاك ببێتەوە لەوێ پشوبدات. بەڵام بۆ گوڵ موحەمەد شوێنی هۆگر ئەو لادێیەیە چونکە ئەو ناتوانێت بچێتەوە شار.

## ٤/ شوێنی ناهۆگر:

ئەو شوێنەیە کارەکتەر تیایداهەست بەنائارامی دەکات و حەزناکات لەوێ بژی وبمێنێتەوە چونکە بەم جۆرە شوێنە نائاشنایەو دڵە راوکێ وترس وناخۆشی لادروست دەکات. (حمدامین، ٢٠١٢، ٨٧)

((لەپر پورەعەمە هات وپەلی منی گرت و زریکاندی،لەپێشدا باوکمی بانگ کردوو دواتر هەمووئەوانی تر، داوای لێکردین زوو بچینە حەوشەکە، بوومەلەرزەیەك هەموو ماڵەکەمانی راوەشاند، چێشتخانەکەبوو، دەنگە دەنگ لە لەدەر و دراوسێکانمانەوە بەرزبووە )) (هیوا قادر ، منداڵانی گەرەك، ل ٧١)

ئەو شوێنەی ئەو کارەکتەرەی لێیە شوێنێکی ناهۆگرە کەبەهۆی ڕووداوی بوومەلەرزەکەوە بووە بەناگۆهر. پێشی هەموو خێزانەکەشی پوورەکانی گوڵ موحەمەد هەست بەبومەلەرزەکە دەکەن.

((بەلاّم هەرەشتی سەرسورهێنەرترو غەریبتر بۆ من لەئێوارەی بوومەلەرزەکەدا هاتنەدەرەوەی ئەو پیاوە ریشن ولاوازو ڕەنگی زەرد دەبوو کەلەژێرزەمینەکەی ماڵی خۆمان هاتە دەرەوە )) (هیوا قادر ، مندالآنی گەرەك، ل ٧٦)

شوێنی ڕووداوەکە ماڵە شوێنێکی هۆگرە بەلاّم بەهۆی بوومەلەرزەکەوە بوو وەبەناهۆگر.چونکە کارەکتەر لەم کاتەدا تووشی دڵە ڕاوکێ دەبێت.

((وەك لەو چەند جارەی پێشوودا ڕێکەوتبووین نەخشەمان بۆ کیشابوو، من و ئەحە جووجە لە پشتی فەرمانگەی کارەباکەوە بە سەر تەلبەندەکەدا سەرکەوتین و چووینە ژوورەوە )) ( هیوا قادر، مندالآنی گەرەك ، ل ٢٢٢)

شوێنی ئەم ڕووداوە شوێنێکی ناهۆگرە چونکە باس لە ژوورێك دەکات کە کارەکتەر بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی هاورێکەی دەچێتەوێ کە پیش چەند ساڵێك لە مەو پێش حەمە ڕەش سیوانی هاورێ گوڵ موحەمەدی کوشتبوو.

## ٥/ شوێنی کراوە :

((ئەو شوێنانەن کە گشتین و بە ڕووی هەموو کارێکتەرێکدا کراوەن و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان ڕووی تێبکەن بچنە ناوی و بە کاری بهێنن)) . ( حمدامین ، ٢٠١٢،ل ٩٠)

مەبەست لە شوێنی کراوە، شوێنێکی گشتیە وە تایبەتە بە هەموو کەسایەتییەك و بە شوێنێکی دەرەکی و بابەتی دادەنرێت ، ئەم جۆرە شوێنە هەردەم بۆ کەسایەتییەکان کراوەیە و بە خواست و ویسی خۆیان دەتوانن هەڵسو کەوتی تێدا بکەن ، وەك ( ڕێگاو بان ، گەرەك ، کۆلاّن ، چایخانە ، دام ودەزگاکانی دەوڵەت ). بونی شوێنی کراوە لە ڕۆماندا بە

پێی گۆشەی نیگای نووسەر یان گێرەرەوە لە میانەی چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان و گێرانەوەیان لە لایەن کەساییەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە دەردەکەوێت. (حمدامین ، ٢٠١٢ ،ل ٢١٤)

**(( پێش چوونە ژوورەوەی سیسیلیا بۆ ناو کتێب فرۆشییە گەورەکەی نیوەندی شارە کە بە کتێب فرۆشی ئەکادیمیا بەناو بانگ بوو))** ( هیوا قادر ، منداڵانی گەرەك، ل٥)

شوێنی ڕوودانی ئەم کارە شوێنێکی کراوە. چونکە کتێب خانە شوێنێکی کراوەیە و تایبەتە بە هەموو کەسێك . کە بریار بوو دوای تەواو بوونی کتێبەکە سیسیلیا و باوکی چاویان بە یەکدی بکەوێت .

پاش ئەوەی گوڵ محمد و سمە خاڵەویی و ئەحە جووجە دەچن بۆ شاری یاریەکە گێرەرەوە دەڵێت

**((لە گەڵ هاتنی ئیوارە و تاریك بوونی شاری یارییەکە ئەبوو بە دەریاییەك لە گلۆپی سەوزو سوور و هێندەی تر قەرەباڵغ ئەبوو))** ( هیوا قادر، منداڵانی گەڕەك،ل ١٧٢) .

شاری یاری کە شوێنێکی کراوەیە هەموو کەسێك دەتوانێت بچێت و هەروەها تایبەت نیە بە چەند کەسێك بەڵکو گشییە . لەو ئیوارەیەدا کە گۆڵ موحەمەد ئەحە جووجە و سمە خاڵەویی بەیەکەوەبوون چون بۆ شاری یارییەکە بۆ ئەوەی پیلان دانین بۆ کوشتنی ئاکۆیی عەتێ هەروەها ناسینی ئاکۆیی عەتێ لە لایەن گوڵ موحەمەدەوە کە تا ئیستا نەی دی بوو سمە خاڵەوی و ئەحە جووجە بە گوڵ موحەمەد دەڵێن ئێمە هەموو یارییەکانمان تاقی کردۆتەوە تۆش بە جیمان بێلەو برۆ بۆ خۆت سواری یارییەکانبە. لەو کاتانەدا گوڵ موحەمەد سەرەنجی زۆر ئەداتە یارییەکەو لێ ی دەروانێت .

**((شەقامەکە ووردە ووردە خەریك بوو بە پیاسەی کچ و کورەکان قەرەباڵخ ئەبوو))** (هیوا قادر، منداڵانی گەرەك، ل ٢٧٢)

شەقام کە شوییێنێکی کراوەیەو تایبەتە بە هەموو کەسێك چونکە هەموو کەسێك بە ئارەزووی خۆی دەتوانێت پێیدا بروات .

## ٦/ شوێنی داخراو:

((شوێنی داخراو لەچیرۆکدا ئەم شوێنەیە کە تایبەتە بە کارەکتەرێك یاخود چەند کارەکتەرێك کەتەنها ئەوان دەتوانن بەکاری بهێنن هەڵسوکەوتی تێدا بکەن بەرووی کارەکتەکانی تردا داخراوە)). ( حمدامین ، ٢٠١٢،ل ٩٢)

((مەبەست لەشوێنی داخراو ، شوێنێکی دیاریکراوە وتایبەتە بە کەسایەتییەك ، یان چەند کەسایەتیەك وەك (ماڵ، ژوور،.....) واتە شوێنی داخراو( ئەوشوێنەیە، کەدەسەڵاتی خودی تێدا بەگەردەخات، هۆگرەو لەژێرکێفی تاکدایە.) ئەم شوێنە لەلایەن رۆماننووس وەلەدیوی ناوەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەپێی هەڵسوکەوت وباری دەروونی کەسایەتییەکان ، لەبەرئەوەی زۆر جار ئەم شوێنەدەبێتە مایەی یادەوەری کەسایەتییەکان، کەتێیدا ژیاون)).
(حمدامین، ٢٠١٢ ،ل ٢١٤)

سێ پوورەکەم عەمە پوورە گوڵچین و پوورە رەعنە ئەوان لە ژوورێکی خانووە پر لە ژوورەکەی ماڵی ئێمەدا ئەژیان هەروەکو گێرەرەوە دەڵێت

(( ژوورەکەی ئەوان هەمیشە بۆنی بەرماڵ و دۆشەکەڵەی گەرم و سمڵ و مێخەکی لێ ئەهات )). ( هیوا قادر،مندالاَ نی گەرەك ، ل ٦٦).

ژوور کەشوێنێکی داخراوە وتایبەتەبە چەند کەسێکی دیاریکراو. ژوورەکەی پوورەکانم کەبەر لەدایك بوونی من چەند ساڵێك پوورەکام لای باوکم دەژیان . باوکم برابچوکی ئەوان بوو. کاتێك دەچوویتە ژوورەکەی ئەوان هەستت بەئارامی دەکرێت.

((گوڵچنيم بينی لەبەردەمی دەرگای ژوورەکەی رەحيمدا ئەگريا)) ( هيوا قادر،منداڵا نی گەرەك ، ل ١٣٩).

ژوورەکە شوێنێکی داخراوە و تايبەتە بە کەسێك يان چەند کەسێك . ژوورەکەی گوڵرەحيميش لەبەر ئەوەی نەخۆشی بۆهەمووکەسێك بۆی نەبوو بچينە ئەم ژوورە تەنيا پوورە گوڵچين نەبێت. چونکە ئەوان عاشقی يەکدی بوو بوون پێشتر بەڵام لەبەر نەبوونی هەندێك هۆکار بە يەکتری شاد نەبوو بوون .

# ئەنجام

١- بەشێوەیەکی گشتی شوێن لە ئەدەب و هونەردا بە توخمێکی چالاك دادەنرێت ، بەتایبەتی لە بنیاتی هونەری چیرۆکدا ، توخمێکی گرینگە ، چونکە شوێن چار چێوەی ڕووداوەکانی تێدا روودەدات ، توخمەکانی تری چیرۆك دەگرێتە خۆی .

٢- ڕۆماننووسان بایەخیان داوە بەشوێن و بەرجەستە کردنی و وەسفی سروشت و هەڵەت و پێکهێنەرەکانی و کەلوپەلەکانی ناوی ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەپێی سەردەم قۆناغ و جۆری ڕۆمان گۆڕانکاری بەسەر بایەخدان بەشوێن و شێوازی بەرجەستە کردنیدا هاتووە .

٣- هۆکاری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و سەرهەڵدانی ڕێکخرا بزوتنەوەی فیکری و بزوتنەوەی نەتەوایەتی دەدۆزنەوە . هەرەها پەیدابونی رۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی و پەیدابونی چیرۆکی هونەری بوونی فۆلکلۆری نەبڕاەی کوردی .

٤- بەپێی گرینگی شوێن لە ڕۆماندا ، چەند جۆرێکی هەیە ، لەوانە شوێنی ( واقیعی و خەیاڵی ، شوێنی هۆگر و شوێنی ناهۆگر ، شوێنی داخراوو شوێنی کراوە ...تد ) .

٥- ئەو جۆرانەی باسمان کرد لە شوێن لە ڕۆمانی ( مندڵانی گەڕەك ) ی ( هیوا قادر ) بوونیان هەیە و بووە بە بنیاتی ڕۆمانەکە .

## سەرچاوەکان

## یەکەم : کتێب

١- محمد سالّح (٢٠١١)، تانيا ئەسعەد محەمەد سالّح ، بيناى شوێن لە دوو نموونەى ڕۆمانى کورديدا ( هێلانە ، ئەژديها ) – ( لێکۆڵينەوەيکى تيۆرى پڕاکتيکى ڕەخنەييە ) ، چاپى يەکەم ، دەزگاى چاپو پەخشى سەردەم ، سلێمانى.

٢- موفتى (٢٠١١)، پەرى سالّح حەميد موفتى ، گێڕانەوە لەچيرۆکەکانى ( ئەحمەد محەمەد ئيسماعيل ) دا ، نامەى دکتۆرا ، کۆلێژى زمان ، زانکۆى سەلّاحەدين – هەولێر.

٣- سابير (٢٠٠١)، پەرێز سابير ، بيناى هونەرى چيرۆکى کوردى ( لەسەرتاوە تا کۆتايى جەنگى دووەمى جيهانى ) دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، سلێمانى.

٤- سەعيد (٢٠٠٩) ، جەلال ئەنەوەر سەعيد ، تەکنيکى گێرانەوە لە ڕۆمانى ( ئێوارەى پەروانە ) ى ( بەختيار عەلى ) دا ، بەڕێوەبەرايەتى چاپ و بلاوکردنەوەى سلێمانى ، چاپخانەى کەمال ، سلێمانى.

٥- شوان (٢٠١٨)، د. ئيبراهيم ئەحمەد شوان، مەۆڵۆی﴾ لە ئەدەبى مندالانى کورد، چاپخانەى هێڤى، هەولێر.

## دووەم

## نامەى ئەکاديمى

١- حاجى (٢٠٠٩)، سەنگەر قادر شێخ محەمەد حاجى ، بنياتى گێڕانەوە لەداستانى ( مەم و زين ) ى ( ئەحەدى خانى ) ، لەڕۆمانى ( شارى مۆسيقاڕە سپييەکان ) ى ( بەختيار عەلى ) دا ، چاپى يەکەم ، دەزگاى موکريانى ، چاپخانەى خانى ، دهۆك.

٢- حمدامين (٢٠١٢)، معتصم احمد حمدامين ، بنياتى توخمەکانى گێرانەوە لەچيرۆکەکانى ( شێرزاد حەسەن ) دا ، لێکۆڵينەويەکى تيۆرى پڕاکتيکييە.

٣- سابير (٢٠١٠)، ئەردەلان شوکر سابير ، تەکنيکى لەڕۆمانە شيعرييەکانى ( شێرکۆ بێکەس ) دا ، نامەى ماستەر کۆلێژى زمان ، زانکۆى سەلّاحەدين ، هەولێر.